www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:50 23-7-2007

## نووسین لەسەر روحت... تریفە دۆسکی

2007/7/22



روحت چەند تەڕە
کە شعری لەسەر ئەنووسم وشە وشە ئەبنە خوناو
کە لەسەر پەنچەکانت ئەنووسم ئیتر پەیڤ پەیڤ ئەبنە پردێك بەرەو بەهەشتێکی سەوزم ئەبەن
جەستەت ئەبێتە لاپەڕەیەکی مۆر و
نووسینەکانم بە رووتی خۆیان لە چاوانت ئەشارنەوە
پێڵوەکانت ئاوێنەیەکن وشەکانم قژیان لەبەر دائەهێنن و چاویان رەش ئەکەن
لە بۆنی جەستەت عەترێك لە بنکەوشی پەپولەکان ئەڕشێنم
شەوان لەبەر چرایەکی کزدا
مووی پەنچەکانت ئەژمێرم
لەبن هەر موێکدا ماچێکت بۆ بەیانی بەجێدێڵم
هەناسەکانت هەورێکن پڕی فرمێسکی من
کاتێك کە غوربەت ئەمکوژی
ئیتر هەناسەکەت و فرمێسکەکانم ئەڕژێنە سەر دەستەکانت
دەستەکانت ئەبنە رووبارێکی شین
بۆقەکانی تێدا ئەفڕن و
ماسییەکان جووت ئەبن
ئیتر خۆم لە بن تاقگەی دەستەکانت
ئەشۆم و شوێنی ماچەکانت تەڕ ناکەم
ماچەکان لەناو گەڵای دڵتدا ئەپێچمەوە و
لەبن سەری خەونەکانت هەڵیان ئەگرم
روحت باڵندەیەکی کەسکە وەك ئاوازەکانی دەریا
روحەکەت وەك شۆڕەبییەك شۆرئەبێتەوە ناو روحم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.